حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر

حكومة إقليم ...
مجـ...
وزارة التربية
مكتب الوزير

ISO 9001 : 2015

وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر
Ministry of Education

ژمارە: ١٩٩
رێکەوت: ٢٢/ پوشپەڕ/ ٢٧٢٥ کوردی

العدد: ١٩٩
التأريخ: ٢٠٢٠/٧/١٣

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان، زاخۆ، سۆران، ڕاپەرین، خوێندنی کوردی لە کەرکوک)**

**بابەت/ ڕێکارەکانی تۆمارکردن و وەرگرتنی منداڵان و قوتابیان/ خوێندکاران لە دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکان**

**بۆ بەرژەوەندی گشتی و لە پێناو ئاسانکردنی شێوازی تۆمارکردن و وەرگرتنی منداڵان و قوتابیان/خوێندکاران لە دامەزراوە پەروەردەییەکان بڕیارماندا بە:**

**یەکەم : باخچەی منداڵان:**

**١-** وەرگرتنی منداڵان لە باخچەی منداڵانی حکومی بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافی دەبێت.

**٢-** ئەگەر پاش وەرگرتنی منداڵان لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافی، باخچە جێگەی زیادەی مایەوە، وەرگرتن بە تیروپشک بۆ گشت منداڵانی دیکە دەکرێت، بەگوێرەی توانای خودی باخچەکە.

**٣-** ئەگەر ژمارەی منداڵانی شوێنی جوگرافی کە داوای وەرگرتن لە باخچەیەکی منداڵانی حکومی دەکەن زیاتر بوون لە جێگەکانی باخچەکە، وەرگرتنی منداڵان لەسەر بنەمای تیروپشک دەبێت.

**٤-** قۆناغی یەکەمی باخچە، ئەو منداڵانە وەردەگیرێن کە چوار ساڵن بەو مەرجەی ڕۆژی لەدایک بوونیان لە نێوان **(٢٠٢١/١/١)** تا **(٢٠٢١/١٢/٣١)** بێت، هەروەها قۆناغی دووەمی باخچە منداڵانی پێنج ساڵی وەردەگرێت بەو مەرجەی ڕۆژی لەدایك بوونیان لە نێوان **(٢٠٢٠/١/١)** تا **(٢٠٢٠/١٢/٣١)** بێت **(تۆمارکردن بەگوێرەی توانا باخچەکە دەبێت).**

**دووەم : قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگە پەروەردەییەکان:**

**١-** قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی قوتابیانی لەدایك بووی ساڵی **(٢٠١٩/١/١)** تا **(٢٠١٩/١٢/٣١)** وەردەگیرێن.

**٢-** وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی نوێ لە گشت قۆناغەکانی خوێندن لە قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگە پەروەردەییە حکومییەکان، جگە لە سیستمی ئینگلیزی:

**أ-** قوتابخانە و خوێندنگە بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای ناوچەی جوگرافی دەبێت، بەو مانایەی قوتابخانە و خوێندنگە دەبێت پێش هەموو کەسێك ئەو قوتابی و خوێندکارانە وەربگرن کەماڵیان لەو گەڕەك و شوێنەیە کە قوتابخانە و خوێندنگەکەی لێیە، و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە وەك سنووری وەرگرتن بۆی دیاری کردوون.

**ب-** کۆمەڵگە پەروەردەییە حکومییەکان **(سیستمی خوێندنی کوردی):** وەرگرتنی قوتابیان و پێوەرەکان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارەسەربەخۆکان دیاری دەکرێت.

**٣-** ئەگەر پاش وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی شوێنی جوگرافی خۆیان، هێشتا جێگەی خوێندن لە قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەکە مایەوە، دابەشکردنی کورسییەکانی خوێندن بە تیروپشک دابەشدەکرێن، داواکار دانیشتووی

هەر شوێنێکی ئەو پارێزگایە بێت.

٤- بەڕێوەبەر بەرپرسە لەوەی نابێت ژمارەی ئەو قوتابی و خوێندکارانەی وەردەگیرێن زیاتر بێت لە قەبارەی جێگەکانی قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگە پەروەردەییەکە.

٥- ئەگەر لە گەڕەکێك قوتابخانە یان خوێندنگە دروست نەکرابوو یان تەواو نەکرابوو، ئەرکی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزایە، قوتابیان و خوێندکارانی ئەو گەڕەکە لە نزیکترین یان گونجاوترین قوتابخانە و خوێندنگەی ئەو گەڕەکە وەربگرێت.

٦- وەرگرتنی قوتابیان لە قوتابخانەی حکومی **(سیستمی ئینگلیزی):**

ا- وەرگرتنی قوتابیانی پۆلی (١) یەکی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومییەکانی سیستمی ئینگلیزی لەسەر بنەمای تیروپشك دەبێت هیچ مەرجێکی دیکە دانادرێت.

ب- وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی نوێ، لە پۆلەکانی (٢) دوو تا (١٢) دوازدە لە قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگە پەروەردەییە حکومییەکانی سیستمی ئینگلیزی، لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن بۆ زمانی ئینگلیزی دەبێت **(بەومەرجەی قوتابخانە جێگەی هەبێت).**

ج- ئەرکی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەیە لیژنەیەکی هەڵسەنگاندنی شارەزا لە زمانی ئینگلیزی بۆ سنووری هەر یەك لەو دامەزراوانە دروست بکات کە لەبڕگەی (أ) باسکراون، بە شێوەیەك کۆتا بڕیاری بەڕێوەبەری گشتیی بۆ وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران لەسەر پێشنیاری لیژنەی هەڵسەنگاندن دەبێت.

د- ئەگەر قوتابی و خوێندکارێک ویستی گواستنەوە بکات لە نێوان دوو قوتابخانە یان خوێندنگە یان کۆمەڵگەی پەروەردەیی حکومی سیستمی ئینگلیزی، ئەوا گواستنەوەی بۆ ئەنجام دەدرێت بەو مەرجەی ئەو قوتابخانە و خوێندنگەیەی بۆی دەچێت جێگەی هەبێت.

هـ- قوتابییە گەڕاوەکان بۆ هەرێمی کوردستان لە دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکانی سیستمی ئینگلیزی وەردەگیرێن، بە شێوەیەك ئەگەر لە کاتی تۆمارکردنیان گەڕانەوە هەرێمی کوردستان و پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بوون، ئەوا بە شێوەی تیروپشك وەردەگیرێن، ئەگەر لە پۆلەکانی دیکەش بوون، ئەوا پێویستە لە ڕێگەی لیژنەی هەڵسەنگاندنی زمانەوانییەوە بێت.

٧- أ- تۆمارکردنی قوتابیان لە پۆلی (١)ی بنەڕەتی، لە ڕۆژی چوارشەممە **(٢٠٢٥/٧/٢٣)** دەستپێدەکات و تا ڕۆژی چوارشەممە **(٢٠٢٥/٨/٢٠)** بەردەوام دەبێت، تۆمارکردن ڕۆژانی یەکشەممان و چوارشەممان دەبێت، کە ڕۆژانی دەوامی کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندنن، پێویستە تا کۆتایی دەوامی ڕۆژانی ئاسایی کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندن لە یەکشەممە و چوارشەممە لە دەوام بمێننەوە.

ب- ئەو قوتابخانانەی کە بنەڕەتین و تەنها بازنەی یەکەم و دووەمیان هەیە واتە تا پۆلی شەش پێویستە لە هەمان ڕێکەوتی **(٢٠٢٥/٧/٢٣)** تا **(٢٠٢٥/٨/٢٠)** کارەکە ئەنجام بدەن، ئەگەر قوتابخانەیەك پۆلی ٧ی بنەڕەتی نەبوو یان نەکرایەوە پێویستە بگوازرێنەوە بۆ ئەو قوتابخانانەی کە پەروەردەی قەزا بۆیان دیاری دەکات.

ج- قوتابیانی دەرچووی پۆلی ٩ی بنەڕەتی پێویستە کاری تۆمارکردنیان لە (٢٠٢٥/٧/٢٣) تا(٢٠٢٥/٨/٢٠) بۆ قۆناغی ئامادەیی و لە پۆلی ١٠ی ئامادەیی زانستی یا وێژەیی یان پیشەیی لەسەر خواستی خۆیان بۆ ئەنجام بدرێت، لەهەمانکاتدا دەتوانن فۆڕمی پێشکەشکردنی پەیمانگەکانی پەروەردەیی پێنج ساڵەیی وەزارەتمان وەربگرن، لەکاتی وەرنەگرتنیان لە پەیمانگەکان، دەتوانن درێژە بەخوێندنیان لە ئامادەییەکان بدەن.

د- ئەو قوتابیانەی پاش ئەنجامدانی تیروپشك ناویان دەرناچێت، مافیان هەیە لە قوتابخانەی گەڕەکی خۆیان وەربگیرێن و تۆمار بکرێن.

هـ - ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥/٢٠٢٤) واتا ساڵی ڕابردوو، لە قوتابخانەیەك یان خوێندنگە یان کۆمەڵگەیەکی تری ئەو شوێنە جوگرافییە تۆمارکراون و وەرگیراون لە شوێنی خۆیان بەردەوام دەبن، تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە دەگوازرێنەوە بۆ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی.

و – ناوەندەکانی خوێندن ڕێگەپێدراونین کەلەناو ناوەندەکەی خۆیان پۆل جیابکەنەوە بۆ قوتابی نمرە باڵا.

٨- پێویستە تا (٢٠٢٥ /٨/ ٢٨) گشت هۆبەکانی پۆلەکان، جیاکرابێتنەوە و ناوی گشت منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران لە سیستەمی (**E-parwarda**) تۆمار کرابێت، پاشان سیستمی (**E-parwarda**) ڕادەگیرێت.

٩- پێویستە تا (٤/ ٩ / ٢٠٢٥) خشتەی وانەکان و بەشەوانەی مامۆستایان بەجێگیریی لە لایەن بەشی کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندن دانرابێت و تەواو کرابێت و پاشان بە دروستی داخڵی سیستمی (**E-parwarda**) بکرێن.

١٠- وەرگرتن لە کۆمەڵگە پەروەردەییە حکومییە نێودەوڵەتییەکان و بەهرەداران بە گوێرەی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەی منداڵان دەبێت.

١١- وەرگرتن لە پەیمانگەکانی حکومی بەگوێرەی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەیمانگەکان دەبێت، جگە لە پەیمانگە پیشەییەکانی سیستمی ئینگلیزی کە پێشکەشکردن بەشێوازی ئەلیکترۆنی دەبێت.

ئالان حمەسعید صالح
وەزیری پەروەردە
٢٠٢٥/٧/٢٣

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاران/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بە دیوانی وەزارەت/ بۆ ئاگاداری و کاری پێویست بەگوێرەی پەیوەندیداری (   ).
-بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و سکاڵا/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ بەدواداچوون.
- خولاو.